# بەیاننامەی یەکیتیی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی

**هاونیشتمانیانی خۆشەویستی کوردستان**

ڕۆژی ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناسراوە کە ئەمساڵ بە ڕۆژمێری هەتاوی دەکاتە ٢ی ڕەشەمە.

زمان نوانگە و پێوەری شوناسی مرۆڤە و شوناسخوازیی مرۆڤ بە بێ هەبوونی زمان هەوڵێکی نەزۆک دەبێت و پاراستنی زمانی دایکی یەکێک لە ئەرکە شوناسخوازییەکانی مرۆڤە کە بتوانێت کلتوور و وێژەی خوێ بپارێزێت، زمانی دایکی زمانی گەورەبوونی پڕ لە هەستی منداڵیی مرۆڤە کە دواجار چوارچێوەی دەروونی و سایکۆلۆژیکیی کۆمەڵگە دیاری دەکات کە پەیوەندییە ناوخۆییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە دەرەوەییەکانی کۆمەڵگە لە بن هەست و کاریگەرییە دەروونییەکانی زمانی دایکییەوە دەبنە کرداری نواندن و ڕەوشت و دەرکەوتن و ناسین و شووناس.

بۆ کەس شاراوە نییە کە زمانی دایکی و پاراستنی وەک میراتی سەدان ساڵە و هزاران ساڵەی نەتەوەکان و کۆمەڵگەی مرۆڤیەکان، نە تەنیا ئەرکێکی نەتەوەییە بەڵکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و ڕەوشتیی مرۆڤیشە کە لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی و بە میرات هێشتنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو هەموو هەوڵێکی پەروەردە و ناسین و هێشتنەوەی و پرپارتر کردنی بدات و لە پێناو گەشەی زمانی دایکی و فەرمی کردنی دا خەباتێکی ئەخلاقی و ناسنامەیی و شوناسخوازی بگرێتە پێش.

نەتەوەی کورد لە ئێران، بە دەیان ساڵە لە بن کاریگەریی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەسازیی مۆدێرن، هەوڵی گۆڕینی زمان و مراندنی زمانی کوردی بە مەبەستی نەتەوەسازیی ئێرانی دەکرێت، ئەو سیاسەتە تەنیا زمانی کوردیی نەگرتووەتەوە بەڵکوو زمانی هەموو نەتەوە بندەسەتەکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج، کە هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکان و گەلانی بندەسەڵاتی ئێران.

سەپاندنی تەنیا زمانێک بە سەر نەتەوەکانی ئێران و نەهێشتن و بەربەست و بیانوو دروستکردن بۆ پەروەردە و فێرکردنی زمانەکانی نەتەوەکانی تر و تەنانەت جێبەجێ نەکردنی بەندی ژمارە پانزەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیش، لە چوراچێوەی ئاسیمیلە و گۆڕاندنی زمان و کلتوور و دواجار شوناسی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە کە هەوڵێکی ڕەگەزپەرەستانەیە کە خاک و نیشتمان و ستاتۆی هەنووکەیی سنوورەکانی کردووەتە ئایدئۆلۆژیایەکی پیرۆز و قودسییەت بە پاراستنی ئەو ستاتۆ و دۆخە دەدات و لە پێناو ئەو قودسییەت و پیرۆزییە زرەئایدئۆلۆژیکییەیدا، مافی ڕەوا و سرووشتیی نەتەوەکانی تری بن پێ خستووە و هەموو بەها مرۆییەکانی مرۆڤی ئێرانییشی پێ پەڵەدار کردووە.

دەسەڵاتی دەوڵەتی و دارێژەرانی ستراتیژیی دەوڵەت نەتەوەسازیی مۆدێرنی ئێرانی، گەرچی کەمەمافێکی خوێندنیان لە یاسای بنەڕەتیدا دیاری کردووە بەڵام تەنیا وەک لێوتەڕکەرەیەک بۆ نەتەوە تینووەکانی بندەسەڵاتی ئێرانی بەکاری دێنن و هیچ مەیل و حەزیان لە جێبەجێکردنی نییە و وەک کەرەستەیەک بۆ کپ و بێدەنگ کردنی نەتەوەکانی تر بەکاری دێنن تا کاتێک کە زمانی فارسی خۆی تێهەڵکێشی زمانەکانی تر دەکات و دەیانگۆڕێت و دەیانکات بە زمانێکی فارسیکراو، گۆڕاندنی شوناس بە گۆڕاندن و مراندنی زمانەوە دەستپێدەکات و زڕەنەتەوەی باڵادەستی لێ بەدنیا دێت، سیاسەتێک بۆ زڕەنەتەوەسازی کە لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕەزاشای پەهلەوی بە فەرمی دەستی پێکردووە و تا هەنووکە بەردەوامە.

**وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان**، ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی بەرز و پیرۆز ڕادەگرین و ڕایدەگەیەنین کە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی هەر جۆرە هەوڵێکی پەرە پێدانی زمانی دایکی نەتەوە بندەست و جیاوازەکانی ئێران و تایبەت زمانی کوردین و بۆ پەرچدانەوەی هێژموونی زمانی فارسی و تێکدانی شوناسی نەتەوەیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەموو ڕێکارە سیاسیەکان دەگرینە پێش و بۆ فەرمی کردن و بە فەرمی فێرکردن و پەروەردەکردنی زمانی دایکی نەتەوەکان تێدەکۆشین و خەبات دەکەین.

**وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان داواکارین لە هەوموو نووسەر و ئەدیب و ڕووناکبیر و چالاکە جۆراوجۆرەکانی کورد لە ئێران، کە نووسین و فێرکردن و خوێندنی زمانی کوردی بکەنە بنەمای خەباتیان و دڵنیابن کە لە سەرئەنجامی هەر خەباتێکی ئەخلاقیدا بۆ دەستەبەر کردنی مافی ڕەوا، سەرکەوتن هەیە و گەیشتن بە ئامانج بە ڕەنج و کەدی خۆنەویستانە و نەترسانە بە دی دێت.**

**نەسرەوتن تا ماف وەرگرتن**

**یەکێتیی دیموکراتی کوردستان**

١٩/٢/٢٠١٨

## درێژەی سەرووتار

ڕژێمی پاشایەتی بە تاوانی ئەوەی کە تەنها دەسەڵات و سامانی سەرزەوی و بنزەوی و مادی ومەعنەوییاتی ولات ملکی تایبەتی بنەماڵەی پاڵەوییە و لە دەستی چینێکی باڵادەست و نێزیک لە بنەماڵەی پاڵەویدا قورخکراوە، خەڵکی ئێران پێناسەی جۆراوجۆریان پێاهەڵماڵی و ڕووخاندیان، ئەو قورخکاریەی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی، لە فۆرمێکی تر بە ناوێکی تر و بەرگێکی تر و بە دەمووچاوی تازەوە دووبارە بووەتەوە کە هەمان پێناسەی سەردەمی شۆڕش بۆ قورخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی وڵات لە لایەن دەستەبژێرێکی ئایینی و سیاسیی و سوپایی و ئەمنی و نێزیک لە بنەماڵەی هەردوو ڕێبەر ( خۆمەینی و خامنەیی ) هەڵماسیاوە و گەر چاو لە درووشمەکانی ئەو کات بکەین کە دژی ئەو پێناسانە کراوە دەبینین کە نەتەنیا درووشمەکان نەچوونەتە قاڵبی کردەوەوە بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە بەڵگەی ئایینی، پاساوی پشتگوێ خستنیان بۆ هێناوەتەوە و بە ئایدئۆلۆژیای فەرمی و بە حوکمی حوکوومەتی و وتەی و وتاری ڕێبەری، قودسییەتی نێزیکانی دەسەڵات و بنەماڵەی ڕێبەری سەپێنراوە. دەبێ بووترێت جیاوازیی نێوان ڕژێمی پاشایەتی و ڕژێمی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە فۆرمی پاشایەتییەکی نەتەوەیی ئایینی، گۆڕاوە بۆ دەسەلاتێکی ڕەهای ویلایەتی فەقیهی ئایینی و ستەماکاریی و نابەرابەرییەکان هەر وەک خۆی ماوەتەوە و بگرە خراپتریش بووە.

دوو: ستەم و سەرکوتی کەمە ئایینییەکان لە ئێران بەردەوامە، هەفتەی ڕابردوو لە تاران پیاهەڵگژانێکی نێوان دەروێشە گۆنابادییەکان و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوویدا کە پێنج کەس لە هێزە ئەمنییەکان کوژران و دەیان کەس لە دەروێشەکان بریندار و سەدان کەسیان دەستگیر کرد. دیارە باوەڕە ئایینی و تەریقەتییەکان هەمیشە کێشە لە نێوانیاندا هەیە، ئەوە سرووشتی تایبەتیی ئایین و تەریقەتی دینی و مەزهەبییە، لێرە ڕاست و دروستیی باوەڕ و بڕوای دەروێشەکان جێگای سەرنج نیە، ئەوەی جێگای باسە کە لە دەسەڵاتی ئایینسالار یان تیۆکراتیکیدا، بە هۆی تایبەتمەندیی سرووشتی دین و ئایینەوە، جێگایەک بۆ ئەوی تر بە ڕەوا نابینرێت، هەر دین و مەزهەبێک لە سەر دەسەڵات بێت و حوکوومەت بکات دەرفەتێک بۆ هەڵسووڕانی ئازادانەی باوەڕمەندان و شوێنکەوتووانی دین و مەزهەب و تەریقەتەکانی تر نادات تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و ئازار و کوشتنیان دەکاتەوە.

هەموو دەسەڵاتە دینی و تیۆکراتیکەکان مێژوویەکی هاوشێوەیان هەیە و لە ئێستادا کۆماری ئیسلامیش هەمان شێوەی هەڵسووکەوتی هەیە لە گەڵ لایەنگر و بڕوادارانی کەمە ئایین و مەزهەب و تەریقەتە مەزهەبی و عێرفانی و سۆفییەکان و گرفتی زۆری لە بەردەم درووست کردوون و دەیان کەس لە تەریقەتە مەزهەبییەکان کە کێشەی فیکری و بڕوایان لە گەڵ خوێندنەوە فەرمییەکەی مەزهەبی فەرمی وڵات هەیە لە زیندان دان و تووشی ئازار و ئەشکەنجەیان دەکات. توندووتیژیی دەروێشە گۆنابادییەکان لە حەفتەی ڕابردوودا، کاردانەوەی سیاسەتی ئینکار و سەرکوت و کەمکردنەوەی دەرفەتی جمووجوڵی ئایینی و درووست کردنی دەیان کێشەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی تایبەتمەندیی ئایینی و مەزهەبیی خۆی لە سەریانی ڕەوا بینیوە و جێبەجێی کردووە. چارەسەری ڕیشەیی بۆ دەرچوون لەو جۆرە قەیرانانە، دەربازبوونە لە ڕژێمی دینسالار لە ئێران و دامەزراندنی کۆمارێکی فیدراڵ دیموکراتیک.

سێ: زیاتر لە سی و شەش ڕۆژە سوپای تورکیا بە هاوکاریی هێزە تیرۆریستیەکانی بن باڵی خۆی بە ناوی سوپای ئازادی سووریا هێرشی کردووتە سەر کانتۆنی عەفرین، هەموو هەوڵێک بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچە کوردیە لە ڕۆژاوای کوردستان، تا ئەم کاتە شکستی خواردوو و دەوڵەتی تورکیا نەیتوانییوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت ، هاوکات چوونی هێزە شەعبییەکانی سەر بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بۆ عەفرین و جێگیر بوونیان لەو ناوچەیە، هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی قورستر کردووەتەوە.

دەبێ بووترێت کە ئەوی لە ناوچەی عەفرین دەگوزەرێت و بە پێش چاوی جیهانیانەوە و تایبەت زلهێزە جیهانییەکان تایبەت ئامریکا و ئەرووپا، کوردەکان کە لە بەرەی جیهانیی دژە تیرۆردا بوون، کراونەتە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزە جیهانییەکان و نیشاندەری بێڕەوشتیی سیاسەتمەدارانی جیهان و سیستەمی جیهانی و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە سەرەتاییترین مافەکان بە کورد ڕەوا نابینن. دوای شەڕی داعش لە مووسڵ، زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، نیوەی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە شاری کەرکووک و شەنگالیشەوە دوو دەستی پێشکەش بە عێراق کردەوە و پشتی کوردی هاوپەیمانیی جیهانیی دژەتیرۆریان چۆڵ کرد و کوردیان ناچار بە تەسلیمکردنی نیوەی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، لە درێژەی ئەو پرۆسەی خیانەتە جیهانیە، ئەم جارە کانتوونی عەفرین کراوەتە ئامانج بۆ هەڵپێچانی سنووری کورد.

چوار: ٢١ی فێوریەی هەر ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی دیاری کراوە کە ئەمساڵ بەرابەر بە ٢ی ڕەشەمەی هەتاوی بوو، زمان بنیات و پایەی شوناسی نەتەوەییە، لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەت نەتەوە لە ناوچەکە، زمانی کوردی و شوناسی نەتەوەی کورد لە پرۆسەی مۆدێرنیتە و دەوڵەت نەتەوەی بە جێما و ئەو دەوڵەت نەتەوانەی کە لە ناوچەکە دامەزران، هەموو هەوڵێکی خۆیان بۆ ئاسیمیلە کردن و گۆڕانی شوناسی نەتەوەی کورد، داوە و لە سەد و بیست ساڵی ڕابردووە تا هەنووکە، ئەو سیاسەتی ئاسیمیلە و فەوتاندنی زمانی کوردییە بەردەوامە و تایبەت لە ئێران و تورکیا بە جیدی و سووربوونێکی ڕەگەزپەرەستی، سیاسەتی ئینکاری شوناسی نەتەوەیی کورد پەیرەو دەکرێت و بۆ گەیشتن بە مەبەستیش، زمانی کوردی کراوەتە ئامانج بۆ مراندن و تا ڕادەیەک سەرکەوتنی گەورەیان بە دەست هێناوە لە مراندنی زمانی کوردی.

هەرچەند کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان خاوەن ستاتۆسێکی تایبەت بە خۆی بووە و حوکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی بنیاتنانی زمانێکی ستاندارد و یەکپارچەی کوردی هەبوو بەڵام بە داخەوە، سیاسەتێکی بنیاتنەر و شوناسخولقێنەری یەکپارچەیان پەیرەو نەکردووە، بینیمان کە کێشەی خوێندن بە زمانی شێوەزاری سۆرانی و بادینی بوو بە بەربەست بۆ بنیاتنانی زمانێکی یەکپارچە و ستانداردی کوردی، کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە کە سەرەکیترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد لە مۆدێرنیتە بە جێماوە و لەم سەردەمەشدا توانایی شوناسسازیی نییە، بەو جۆرەی کە ئێران و تورکیا توانییان دەوڵەت نەتەوە سازی بکەن و زمان وەک کەرەستەی شوناسسازی بەکار بێنن.